# یاساکانی سەنتەری کێرشهۆڤەدگۆرد

## ١ - بە گشتی

سەنتەری ئامادە بۆ گەڕانەوەی کێرسهۆردگارد ئامانجێتی کە شوێنێکی ئارام و لەسەرخۆ بێت، وە ئاسایشی دانیشتوان و میوانەکان و کارکوزارەکان تیا بپارێزرێت.

دانیشتوانی سەنتەرەکە لەسەریانە بۆ ڕاگرتنی ئاسایش و ئارامی پەیڕەوی ڕێنماییەکانی سەنتەرەکە بن.

## ٢- ڕێنماییەکانی دانیشتوان:

### گەیشتنتان بۆ سەنتەری ئامادەی بۆ گەڕانەوە

لە کاتی گەیشتنتاندا بۆ سەنتەرەکە ژورێکی تایبەتتان بۆ ئامادە کراوە، وە پاشان ڕێنمایی لەسەر شوێنەکە وەر دەگرن.

### پێویستی دانیشتوان

پێویستە لەسەر دانیشتوان لە سەنتەرەکە بمێننەوە.

ئەگەر دەتەوێت سەنتەر بەجێ بهێڵیت و لە ماڵی کەسێکت نیشتەجێ بیت ئەوا پێویستە کە مۆڵەت لە دەزگای پەناپەنابەران وەربگریت.

ئەگەر مۆڵەتی دەرچونت نەبوو، دەتوانیت داخوازی مۆڵەت بکەیت لە بەشی یاسایی دۆزی تاوانکە بتوانن بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ مۆڵەت وەربگرن، بۆ زیاتر لە ٣ ڕۆژ دەبێت مۆڵەت دەزگای پەنابەران وەربگریت

ئەگەر پۆلیس داوای لێکردیت، دەبێت ئامادە بیت و گوتنەکانت بڵێی کە داوات لێ دەکەن، بە پێی ئەو بریارەی دراوە لەسەتان.

ئەگەر ناوت دەرچوو بۆ لێکۆڵینەوە، دەبێت زانیاری دروست بدەیت بەپێی ئەو بریارەی دراوە لە سەرتان.

ئەگەر بەردەوام لە سەنتەرەکەدا نەبیت، ناوت بە ئامادە بوو تۆمار ناکرێت پاشان ئەگەر پۆستەکەشت لە ماوەی ٣ ڕۆژدا وەرنەگریت یان پەیوەندی نەکەیت بە کارگوزارەکانەوە بە هەمان شێوە

کاتێک کە ئامادە نەبیت لە سەنتەرەکە و بێ هۆیەکی دیاریکراو، پێشێلکاریە بە یاسای مافی تەندروستی پاشان دادگا بریاری برینی موچەکەد دەدات و دەدرێت بە کەسانی تر کە پێویستیان پێیەتی

ئەگەر مۆڵەتی نیشتەجێبونی ناو سەنتەری ئامادە بۆ گەڕانەوە نەبێت، نامە دەگەیەننە پۆلیس و دەزگای پەنابەران وە دەست بەسەر کەلوپەلەکانیدا دەگرن و پاش ٣ مانگ دەگەڕێنرێتەوە بۆت.

### پۆست و زانیاریەکان

پێویستە ڕۆژانە ئاگادار بیت کە پۆستت بۆ هاتوە یان نا، وە بەردەوام لە چاوگێراندا بیت بۆ زانیاری و ڕێنمایی گرنگ کە لە سەنتەرەکەوە دەردەچێ کە لەسەر شاشەی زانیاریەکان دەردەکەون.

### چونە ژورەوە

پێویستە لەسەرت کە کارتی پەنابەریەکەت نیشان بدەیت لەکاتی چۆنە ژورەوە و چۆنە دەرەوە بە کارکوزاری سەنتەرەکە، چونە ژورەوە و دەرەوە تەنها لەڕێی دەرگای سەرەکیەوەیە. پێویستە کارتی پەنابەریەکەت لەگەڵ کلیلەکەت نیشان بدەیت لەکاتی دەرچون یان هاتنە

ژوورەوە. کلیل و کارتەکەت ڕێگەت پێ دەدەن کە لە سەنتەرەکەدا بمێنیتەوە، دەبێت بیپارێزیت، کلیلی کارتەکەت تایبەتە نابێت بیدەیت بە کەسانی تر، وە ئەرکی خۆتە کە دەبدەبێت کلیلی کارتەکەت تازە بکەیتەوە.

### پەرژینەکان

بۆت نیە بەسەر پەرژینەکاندا هاتو چۆ بکەیت کە بەدەوری سەنتەرەکەوەیە

### مانەوەت لە ناوەوە و دەرەوەی سەنتەرەکە

مانەوەت لەسەنتەرەکەدا بۆ ماوەیەکی درێژ خایەن نیە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لە بەشەکانی دەوروبەری سەنتەرەکەدا کە تایبەتە بە بەشی تاوانبارەکان یان بە بەشەکانی تر بمێنیتەوە. پێویستە لە دەرەوەی سەنتەرەکە ڕێزی دراوسێکان یاسای سەرجادو دەوروبەری بگریت

### هێمنی شەو

پێویستە هێمنی سەنتەرەکە ڕاگری بەتایبەتی لە بەینی کاتژمێر ۲۳ - تا ۷ ی بەیانی

## ۳ - ژوورەکەت و پێویستاتەکان

### ژوورەکەت

ئەو ژوورەی کە بۆت دیاری کراوە دەبێت تیایدا بمێنیتەوە کە تایبەتە بە خۆت

- پێویستە کە ژوورەکەت /حەمامەکەت بەردەوام پاک بن و چۆن دایانە دەستت هەروا بیدەیتەوە بە سەنتەرەکە لە کاتی بەجێهێشتنیدا.
- پێویستە کە هەواگۆرکێی ژوورەکە بکەیت ڕۆژانە بۆ ژینگەی ژوورەکە وە ئەگەر قاپ و قاچاغت هەبوو دەبت بیشۆری هەمو کاتێک پاکو تەمیزی ڕاگری
- بزمار داکوتین و وێنە کێشان لەسەر دیوارەکان قەدەغەیە دەبێت روکەشی دیوارەکە بپارێزیت
- نابێت بەبێ پرسی کارکوزارەکان مۆبیلیەی زیادە بهێنیتە ژوورەکەتەوە، ئەوەی پێویستە کە لە ژورەکەتدا بۆت دابین کراوە نابت بیشکێنیت و لەناویان بەریت
- مافت نیە هیچ جۆرە کەلوپەلێلی ناوماڵ بهێنیت بێجگە لەو کەلوپەلەی لەماڵەکە بۆت دابین کراوە بەبێ مۆڵەت لە کارگوزارەکانیان کەلوپەلێک بەریتە دەرەوە و هەروەها ئەگەر خراپیان بکەیت
- مافت نیە کە چەند جۆرە ئامرازێکی کارەبایی بهێنیتە ژوورەکەت لەوانە فرن و میکرۆ هتد.
- بۆت هەیە کە ئامرازی کارەبای بچوکتی پێویستت هەبێت وە ووشککەرەوەی قژ.
- ڕاگرتنی ئاژەڵی ماڵی نەشیاوە لە سەنتەرەکەدا و هەروەها، نابێت خواردن بدەیت بە پشیلە و باڵندەکان یان هەر ئاژەڵێکی تر کە لەو دەوروبەرە بژی

### شۆێنە هاوبەشەکان

دەبێت هەموو داڵۆنەکان (ممەرەکان) خاڵی بێت و نابێت هیچ شتێکی نەشیاو زیادەی لێبێت. دەبێت هەموو ئەوشۆێنانەی کە هاوبەشن پاکژ بن ڕێکخراو بن. دەبێت هەموو پاشماوەکان پاشرۆکان لەناو کیسەی خۆڵەکەدا فرێ بدرێت.

دەبێت مۆبلیەکان پاکژ بن کاتێک بەجێیان دێڵن.

هەر کارێکی نەشیاو یان بەکارهێنانی کەرەستەیەکی کەسانی تر یان خراپکردنی، هەواڵ دەدرێتە دەزگای پۆلیس، داخوازی لەسەرتە مافی کەسەکە بگێریتەوە و ڕاپۆرتەکە دەگاتە دەزگای مافی پەنابەرانیش.

### پێویستیاتە تایبەتەکان

پێویستە هەموو پێویستی تایبەتی خۆتت هەبێت لە ژووری خۆتدا، کە خۆت بەرپرسیت لیی. هێندە پێویستی و توانای ژوورەکە دەتوانیت کەرەستە بهێنیتە ژوورەکەت، نابێت کەرەستەی ماڵ کە گەورەبێت بیهێنیت تاکو مۆڵەت وەرنەگریت لە کارگوزارەکانەوە

### کارگۆزارەکان دەتوانن بێنە ژوورەکەت

لەوانەیە گرنگ بێت کە کارگوزارەکان بتوانن بێنە ژوورەکەت بۆ نمونە بۆ چاککردنەوەی گۆڕینی هەر کەرەستەیەک کە خراپ بوبێتکارگوزارەکان بەشێوەیەکی گشتی بە پێی مۆڵەتی خۆت دێنە ژوورەوە، بەڵام بۆ هەر کارێکی گرنگ کە ئەگەر مۆڵەتیش نەدەیت و لە ماڵیش نەبیت کارگوزار دەتوانێت بێتە ژوورەوە، بۆ نمونە لەکاتی گرگرتندا یان لەکاتێکدا کە ئاو دێتە ژوورەکەتەوە یان لە کاتێکی کە گومانیان هەبێت لە کارێکی نەشیاو هتد.

ئەگەر مۆڵەتی ئیمزا کردنمان پێ نەدەیت ئەوا دەکرێت پۆلیس هاوکارمان بێت لە بەدەست هێنانی مۆڵەتی تۆ بۆ ئەوەی بتوانین بێینە ناو ژوورەکەتەوە

### سەیارە و پاسکیل

سەیارە بە تەنها لە شوێنی دیاریکراودا دەوەستێنرێت، بە هەمان شێوە پاسکیل لە شوێنی دیاریکراودا دەوەستێت وە ناکرێت پاسکیل بهێنیتە ناوەوەی سەنتەرەکە.

## ٤ - رەفتار و و تاوانکردن

### بە شێوەیەکی گشتی لەسەر رەفتار

لەمڕۆوە گرنگە کە ڕێزی دانیشتوانی ناو سەنتەرەکە بگریت، هیچ چاوپۆشیەک ناکرێت بەرامبەر بە تاوانێک بکرێتیان هەرەشە لە یەکێک بکەیت، یان ڕەفتارێکی نەشیاو لەگەڵ بەرامبەردا

- هیچ ڕەفتارێکی نەشیاو لەگەڵ ئەوانی تردا نەکەیت
- بە هیچ شێوەیەک نابێ هەرەشە بەکار بهێنیت
- هیچ ڕەفتارێکی نەشیاو مەکە لەگەڵ ئەوانی تر کە رەگەز، تەمەن، قەومی، ئاین، یان رەگەزی بەرامبەرە و جیاوازە لەگەڵتا
- نابێت پۆشاکێک بپۆشی لە سەنتەرەکەدا کە ببێتە هۆی تورەبونی بەرامبەر یان نیشاندانی خۆت بە شێوەیەکی ترسێنەر یان ڕاستەوخۆ ببیتە هۆی هەرەشە بۆ ئەوانی تر

ئەگەر هاتو بەهۆی ڕەفتارەکانتەوە بۆی بە هۆی تێکدان و پشێوی ترس بۆ دانیشتوان یان بۆ کارگوزارەکان ڕاستەوخۆ دەدرێیتە دەست پۆلیس و ڕاپۆرتێکی دەچێت بۆ دەزگای پەنابەران

### تاوان کردن

هیچ چاوپۆشیەک ناکرێت لەبەرامبەر هەر تاوانێک کە دەکرێت لە سەنتەرەکەدا.

لە ناویاندا بازرگانی بە مادە هۆشبەرەکان، بەکارهێنانی چەک، ئازاردانی کەسان، هەرەشەکردن، خراپەکاری، دزی، کرینی شت و مەک لە دز. بۆ هەموو ئەمکارانە پۆلیسی لێ ئاگادار دەکرێت و بە تاوان ناوخەند دەکرێت وە پاشان ڕاپۆرت دەدرێتە دەزگای پەنابەران، وە بە تێکدەر ناوت دەڕوات، گرنگی بە بابەتەکانت نادەن

### ئاین

لە دانمارکدا ااین تایبەتمەندی تاکە کەسە، پێویستە کە اینەکەت ببەستیتەوە بە یاساکانی تری ناو سەنتەرەکەوە وە لە ژێر چاودێری دانیشتوان و کارگوزارەکانەوە بکرێت، سەنتەرەکە هیچ ئەرکی لەسەر نیە و هاوکاریت بۆ ئاین ناکات، جێگەی تایبەتی بۆ دابین ناکات، ناشبێت هیچ جێگەیەکی گشتی بۆ ئەو مەبەستە بەکار بهێنرێت. سەردانی کەسانی تایبەت بە ئاین و بانگخوازان تەنها وەک سەردانێکی ئاسایی وەردەگیرێت

**تۆماری ڤیدیۆی و ووێنەگرتن**

خۆت بپارێزە لە ووێنە گرتن و تۆماری ڤیدیۆی لە کاتی گفت و گۆدا، یان ووێنەی دانیشتوانان و کارگوزاران بە بێ مۆڵەت وەرگرتن.

**جگەرەکێشان**

تەنها لە دەرەوە دەتوانیت جگەرە بکێشیت، لەوانەش جێگەی تایبەت هەیە بە پێی تابلۆ نوسراوە کە، لە ژووری خۆتان بۆت هەیە جگەرە بکێشی ئەگەر کەسەکانی تاو ژوورەکەت مۆڵەتت بدەن، جگەرەکێشان دەبێت لەژێر چاودێری دانیشتوان و کارکوزارەکانەوە بێت

**خواردنەوە کحولیەکان**

مەخۆرەوە لە شۆێنە گشتی و هاوبەشەکان د ا لە ناو سەنتەرەکە.

لەگەڵ ئەوەشدا هێنان و بەکار هێنانی خواردنەوە کحولیەکان دەبێت لەژێر چاودێری دانیشتوان و کارگوزارەکانەوە بێت

**ئاگر**

نابێت ئاگر بکرێتەوە لە دەرەوە و ناوەوەی سەنتەرەکە.

**ئیش لە سەنتەرەکەدا**

نابێت خاوەنی هیچ کارێکی بازرگانی و خزمەتگوزاری بکەیت لە سەنتەرەکەدا

**خاشاک**

هیچ خۆڵ و خاشاکێک لە مەرکەزەکەدا فرێ مەدە، د ەتوانی بۆ فرێدانی پاشماوە شۆێنی تایبەت بە خۆڵ و خاشاک بەکار بهێنیت.

## ٥ - چالاکی و هەلو مەرجەکان بۆ دانیشتوان

**چالاکی**

دەبێت بەشدار بیت لەو چالاکی و پۆلەی کە لە بەڵێن نامەکەتدا نوسراوە

- ئەو کۆرسانەی کە خاچی سور دەیکەنەوە بۆتان
- هاوکار بیت لە چاککردنەوە و پاککردنەوەی سەنتەرەکەدا
- کۆکردنەوە و پاککردنەوەی ژورەکەت وەک ئەرکی هەفتانەت
- یان چاالاکیەکی تر کە مۆڵەتت هەبێت بیکەیت
- هەر چالاکیەک کە خاچی سور بیکات دەتوانیت بەشدار بیت
- یان هەر چالاکیەک وەرزشی هتد.

**خواردن**

خواردن لە کافتریا سێجار لە رۆژێکدا پێشکەش دەکرێتلە کاتی دیاریکراودا

دەتوانیت خواردنەکەت لە کافتریا دەست بکەوێت جگە لە کاتی نەخۆشیدا. نابێت پەرداخ و کۆپ، قاپ ق کەوچک لە کافتریاکەدا بەریتە دەرەوە

**تەندروستی**

بنکەی پزیشکی تایبەتمان لە سەنتەرەکەدا هەیە ٣ چار لە هەفتەیەکدا، کە دەتوانی رێنمایی لە پەرستیار یان هەندی جار دکتۆر بە دەست بهێنی، پاشان بنکەی تەندروستی تەنها بۆ رێنمایی کردنە. لەسەر شاشەی زانیاریەکان دەتوانیت کاتی کردنەوەی بنکە ببینیت.

له دەرەوەی کاتی کردنەوەی ئاسایی بنکەکە دەتوانیت خزمەت گوزاری تەندروستی گشتی بەکار بهێنیت. بۆ بەدەست هێنانی زانیاری زیاتر دەتوانیت پەیوەندی بە کارگوزارەکانی سەنتەرەکەوە بکەیت

**سەردان**

مافی ئەوەت هەیە کە سەردانت بکەن لە کاتژمێر ٩ - ٢٢ تەنها  بە ڕێککەوتنی پێشوەخت لەگەڵ کارگوزارەکاندا، دەبێت میوانەکانت ڕێز لە یاساکانی سەنتەرەکە بگرن، و ناشبێت لە سەنتەرەکەدا بەشەو بمێننەوە،  یان کافتریاکە بەکار بهێنن لەکاتی سەردانەکەیاندا، دەبێت میوانەکان هاوکارت بن بۆ سەردانێکی ئاسایی

**ئەنتەرنێت**

دەتوانیت سودمەند بیت بە ئنتەرنێتی سەنتەرەکە بۆ کۆمپیوتەری خۆت یان ئایپات هتد. هەموو ئەو پەیوەندیانەی کە دەکرێت لەڕێی ئەنتەرنێتەوە تۆمار دەکرێت لە لایەن لیژنەی خزمەتگوزاری تاوانەکانەوە.

**ئاگر و سەلامەتی**

پێویستە لەسەرت بۆ هەر ڕوداوێکی ئاگر بۆ سەلامەتی ڕۆلت هەبێت لە هاوکاری کردنی سەنتەرەکە

## ٦ - بەرپرسیاری

**بەرپرسیاری**

وەک هەر کەسێک بەپێی یاسای دانمارک، بەکارهێنانی چەک یان لەو بابەتانە، پۆلیس لێی ئاگادار دەکرێت و ڕاپۆرتیش بۆ دەزگای پەنابەران دەنێردرێت

**منداڵ**

منداڵان لەژێر پەروەردەی دایک و باوکدان و لێیان بەرپرسیارن. دەبێت لە ژێر چاودێری دایک و باوکاندا بن یان کەسانی تایبەت بە مۆڵەتپێدراو لەلایەن دایک و باوکەوە

**لادان لە یاسای سەنتەر**

لادان لە یاسای سەنتەرەکە ئەگەری سزای توندی هەیە و کاریگەری لەسەر شوێنی نیشتەجێ بونت دەبێت وەک چۆن لە لە مەرجەکانی نیشتەجێبووندا نوسراوە.